# هونەری معامەلەکردن

## چۆن نرخ بە بەرامبەر داببەزێنین و لە معامەلەدا فێڵمان لێنەکرێت؟



گەشتیار غەریب

لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان

کتێبی ژمارە(١٥)

هونەری معامەلەکردن


ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: هونەری معامەلەکردن
- نووسین: گەشتیار غەریب
- تایپ: زێوەر غەریب
- پێداچوونەوەی زمانەوانی: زانیار غەریب
- دیزاینی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: 2024
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥ هەزار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٠٩)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

## بۆ داواکردنی کتێبەکە

- ئەگەر پێش ٢٠٢٤/٥/٢٢ داوای دەکەیت ئەوا سەردانی ئەم لینکە بکەن:

**https://forms.gle/onj3bEX4HPcodAzj8**

- ئەگەر دوای ٢٠٢٤/٥/٢٢ داوای دەکەن، ئەوا سەردانی ئەم لینکە بکەن:

**https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48**

## هێزی معامەلە چییە؟

هێزی شـــەڕ بریتییە لەو توانا مرۆیی و ســـەربازیانەی هەتە، لە سەربازەوە تا تۆپ و تەیارە بە هێز حسابە.

لە معامەلەدا بابەتەکە جیاوازە، هێز بریتییە لە زانیاری تۆ لەسەر ئەو بوارەی معامەلەکەی تێدا دەکەیت.

ئەگەر بتەوێت مـایکێـک بکڕیـت بۆ ڤیـدیۆ تۆمـارکردن، زانیـاری تۆ لەسـەر جۆری مایکەکان و لەسـەر فرۆشـیارەکە هاوکاریت دەکات لە ناو معامەلەکەدا.

بۆ فرۆشـــیاریش هەمان شـــتە، هەرکات فرۆشـــیارەکە پســـپۆڕ بوو لەســـــەر بابەتەکەی، ئەوکاتە بە خێرایی وەڵامی کڕیارەکە دەداتەوە و بە ئاسانی بەهای کاڵاکەی بەرز دەکاتەوە لای کڕیارەکە.

هێزەکان بۆ کڕیار و فرۆشیار هەمان شتە. هەرکامیان هێزی زیاتری پێبوو، لە معامەلەکەدا سەرکەوتووترە!

لێرەدا پرســـیارێک دێتە پێشـــەوە: ئەو هێزانە چین کە دەکرێت من هەمبێت لە ناو معامەلەدا، تا باشتر معامەلەکە بکەم؟

## هێزەکانی معامەلە

- **هێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی**
- **هێزی زانیاری**
- **هێزی دەگمەنی کاڵا**
- **هێزی کات**
- **هێزی پرسیارکردن**
- **هێزی بێ باکبوون**

لێرەوە دەست دەکەین بە باسکردن لە هێزەکانی معامەلە و دانە دانە ڕوونیان دەکەینەوە. ئەگەر لەم هێزانەدا شارەزایت هەبێت، لە کاتی معامەلەدا سەرکەوتووتریت و ئاسان کۆنترۆڵی معامەلەکە دەکەیت.

## یەک: هێزی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

پەیوەندی کۆمەڵایەتی، واتا کەسـی بەرامبەر بناسـیت، دواتر بەهۆی ناسراویەوە هەوڵبدەیت هەرزانتر لێی بکڕیت، یان گرانتر داوا بکەیت.

☺ بۆ نمونە:

ئەگەر پوورزایەکت هەبێت کە خانوویەکی هەبێت و بیدات بە کرێ، تۆ سـەردانی بکەیـت و داوای خـانووەکە بکەیـت بۆ خۆت. بە هۆی خزمایەتیەکەوە پوورزاکەت ڕووی نـایەت بە گران خـانووەکەت بـداتێ و هەندێک هەرزانتر دەتداتێ لەبەر ئەوەی خزمن.

هەندێک جار ئەم هێزە جیاوازترە، پێویسـت نییە فرۆشـیارەکە بناسیت، تەنها خزمێکی بناسیت بەسە.

☺ بۆ نمونە:

دەمـانەوێت خـانوویەک لە کـاک دیـاری بکڕین، کـاک دیـاری خۆی نەناسین، بەڵام کاک ژیاری برای کاک دیاری دەناسین.

دوای ئەوەی خۆمـان تەواو معـامەلەمـان کرد و نرخمـان تەواو کەمکردەوە، پەیوەنـدی بە کـاک ژیـارەوە دەکەین و دەڵێین: دەمـانەوێت خـانووەکەی لێ بکڕین و خـاترمـان نـاگرێت. لەم کـاتەدا کـاک دیـاری هەندێکیتر نرخەکە کەم دەکاتەوە، چونکە هێزی کۆمەڵایەتیمان بەکارهێنا و ناچارە لەبەر دڵی کاک ژیاری برای نرخەکە کەمتریش بکاتەوە.

☺ نمونەیەکی ڕاستەقینە:

لە ڕابردوودا، کەسـێکی خزممان تراکتۆرێکی کڕیبوو لە کەسـێکیتر، بە (١١،٤٠٠) دۆلار. کڕیارەکە هاوڕێی برایەکی فرۆشیارەکە بوو. وتبووی دواتر پارەکە هەمووی دەهێنم. ئەوجا ڕۆشـــتبوو پارەکەی بردبوو بۆ برای فرۆشیارەکە، واتا هاوڕێکەی خۆی.

لەوێش (٤٠٠) دۆلارەکەی لە معـامەلەکە کەم کردبووەوە و تەنهـا (١١٠٠٠) دۆلاری پێـدابوو. وتبووی ئەو بەشـــەی هـاوڕێیـانە لادەبەم، هاوڕێیەکی ڕووی نەبووبوو قسە بکات.

لە کاتێکدا دەکەونە معامەلەوە، وریای هێزی کۆمەڵایەتی بن.

ئەگەر لە سـەرەتای معامەلەکەوە بەرامبەر وتی: خەڵکی کوێیت؟ ئەوا مەبەستیەتی لە دواتر هێزی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنێت.

☺ نمونەیەکی تر:

جـارێک خولی هونەری معـامەلەکردنم دەوتەوە و بـاســـی هێزی کۆمەڵایەتیم بە وردی کرد. دوای مـاوەیەک بەشـــداربوویەکی خولەکە خانووەکەیماڵی باوکیان فرۆشتبوو. بەڵام باوکی معامەلەکەی کردبوو.

وتی: کە هاتن دانیشـتن، ڕاسـتەوخۆ وتیان: خەڵکی کوێن؟ دواتر بە وردیی پرسیان کێ دەناسن و کێ ناناسن.

بەشـــداربووەکە دەیوت: کاتێک بەو جۆرە ورد پرسـیاریان دەکرد، بیری خولەکەم دەکەوتەوە و دەموت لە کۆتایی معامەلەکەدا دەبێت باجی ئەم زانیارییانە بدەین کە ئێسـتا باوکم پێیان دەدات. لە کۆتایشـدا هێزی کۆمەڵایەتیـان بەکـارهێنـا و بە خزم خزمێنە خـانووەکەیـان بە هەرزانتر لێکڕین.

## دوو: هێزی زانیاریی

هێزی زانیارییە واتا: زانیارییەکانمان لەسەر ئەو بەرهەمەی دەمانەوێت بیکڕین.

ئەم هێزە لە معامەلەدا پێشمان دەخات و واشدەکات بە ئاسانی بەرهەمەکە نەکڕین و نەفرۆشین تا باشترین معامەلەمان بۆ ڕێدەکەوێت. زانیاری لەسەر بەرهەم واتا چ زانیارییەک؟ ئەم زانیارییانەی خوارەوە:

### سوودی بەرهەمەکە

واتا بە وردی بزانم ئەم بەرهەمە سوودی چییە بۆ کڕیارەکەم. هەر ئەمە وادەکات ترسی کڕیارەکە باس بکەم و ئەویش بە ئاسانی کڕینەکەی خۆی بکات.

☺ نمونە:

کرێمێک دەفرۆشیت کە بۆ زیپکە بەکاردەهێنرێت. ئەگەر زانیاری وردت هەبێت لەسەر هەموو جۆرەکانی کرێمەکە و کاتێک کڕیارەکە هات، پرسیاری لێبکەیت لەسەر جۆری زیپکەکەی و دواتر بڵێیت، بەپێی ئەمەی تۆ دەیڵێیت ئەمەیان ببە. کڕیارەکە بە خێرایی دەیکڕێت و معامەلەش ناکات. کاتێک زانیاریت لەسەر بەرهەمەکەت زۆرە، کڕیارەکە حەساسیەتی نرخی نامێنێت.

## نرخی جوملەی بەرهەمەکە

ئەگەر ئاگاداری نرخی جوملە بوویت، بە وردی دەتوانیت معامەلە بکەیت و لە معامەلەکەشدا براوەبیت.

☺ نمونە:

لە یەکێک لە خولەکانمدا بەشداربوویەک وتی: کەسێک دەناسم کە جۆرێک ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە دەهێنێت بۆ وەکیلی سەرەکی و ئەویش بەهۆی مەندوبەکانەوە دابەشی دەکاتەوە بە کوردستاندا.

جارێک ئەم کەسە لای هاوڕێیەکی بووە لە مارکێتێکدا، کە مەندوبێک سەردانی کردون و داوای کردووە ڕۆنەکە بکڕن.

بەڵام مەندوبەکە نرخێکی گرانی داوا کردووە. ئەمیش وتوویەتی بۆچی وا گران؟ مەندوبەکە وتوویەتی، ئاخر خۆمان ئەو نرخە لەسەرمانە.

ئەمیش وتبووی: خۆم بەرهەمەکە دەهێنم و بەوەندە گەشتووەتە دەستی ئێوە. ئەوەندەی کە زانیاری لەسەر نرخ هەبووە، بە ئاسانی دەتوانێت وابکات بەرامبەر نەوێرێت نرخی گران بڵێت پێمان.

☺ بۆ نمونە:

ئەگەر شامپۆیەک بکڕین، ئەم زانیاریانە بزانین:

- ولاتی دروستکردنی شامپۆکە
- ئەو براندەی دروستی دەکات
- کام شامپۆ تەزویرە و کامە ڕاستەقینەیە
- نرخی جوملەکەی

## سەرچاوەی دابنکردنی بەرهەمەکە:

ئەگەر زانیم بەرهەمەکە لە کام سەرچاوەوە داواکراوە، ئاسانتر معامەلەم بۆ دەکرێت و دەتوانم هەرزانتری بکەم نرخەکە.

☺ بۆ نمونە:

من ماڵم لە چەمچەماڵە و دەچم بەرهەمێک لە دوکانێک دەکڕم، کە ئەو خۆی لە دوکانێکی هەولێر دەیکڕێت. من لەم کاتەدا هێزی معامەلەم هەیە و دەتوانم بڵێم: ئەم بەرهەمەتان لە کوێ کڕیوە، ئەمەیش وادەکات بەرامبەر ئاسانتر نرخەکە کەم بکاتەوە.

## بەکارهێنانی هێزی زانیاری

زۆرینەی معامەلە چییە بەهێزەکان هێزی زانیاری بەکاردەهێنن. کاتێک معامەلەیەک دەکەن، ڕاستەوخۆ پیپشانی بەرامبەر دەدەن کە ئەمان زانیاریان لەسەر بەرهەمەکە هەیە و شارەزان.

☺ نمونەیەکی ڕاستەقینە:

جارێک چومە مەعرەزی علوجەکانی سلێمانی بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێلێک. یەکەم مەعرەزچی وتی بەچەندە؟ نرخم وت؛ وتی: پێرێ لەم ئۆتۆمبێلەی تۆ بە هەرزانتر فرۆشتوومە.

بەم جۆرە (٣) مەعرەزچی دواتریش هەموویان ڕاستەوخۆ ئۆتۆمبێلەکەی منیان بەراوردی دانەیەکیتر دەکرد، کە باشتربووە و هەرزانتر کڕیویانە.

کەمێـک بیرمکردەوە، بۆمـدەرکەوت: لە مەعرەزدا هێزی زانیـاری بەرهەم بەکاردەهێنن. ڕاستەوخۆ پێت دەڵێت: من پسپۆڕم لە بوارەکەدا و بە وردی ئـاگاداری نرخەکـانم. ئەم هێزی زانیـاری بەرهەمە زۆر خێرا پێشـی خسـتوون لە کارەکەی خۆیاندا و کڕیارەکەیش بە ئاسـانی تەسلیم دەبێت.

## سێ: هێزی دەگمەنی کاڵا

هەمیشە دەتوانین بەرهەمەکەمان گرانتر بفرۆشین ئەگەر بەرهەمەکەمان دەگمەن بوو. چونکە بەرامبەر ئەگەر لە ئێمە نەیکڕێت ئیتر دەستی ناکەوێت.

دەگمەنی کاڵا، واتا: تەنها تۆ ئەو بەرهەمەت هەبێت و ئیتر کڕیارەکە لەو بەرهەمەی دەستنەکەوێت.

☺ بۆ نمونە:

زەویەکت لە گەڕەکێکدا هەیە کە هەموو زەویەکان کراون بە خانوو جگە لە زەویەکەی تۆ. لەم کاتەدا زەویەکەی تۆ دەگمەنە، ئەگەر کڕیارەکە بیەوێت لەو گەڕەکەدا خانوو دروستبکات، ناچارە زەویەکەی تۆ بکڕێت.

ئەگەر کاڵاکەتان دەگمەن بوو، بەهای دەگمەنیەکەی بزانن و بە ئاسانی و هەرزانی مەیفرۆشن.

☺ نمونە:

جارێک ڕاوێژێکم هەبوو بۆ کەسێک، کە لە ناوچەکەی خۆیاندا تەنها کەس بوو (کورتانی گوێدرێژ)ی دەفرۆشت. بۆی باسکردم، دوای

خوێندنەوەی کتێبی (بازاڕکاری دەروونی) نرخی کورتانەکانی زیادکردووە و کڕیارەکانیش کەمتر معامەلە دەکەن.

کاتێک پرسیاری وردم کرد، ئەگەر کەسێک بیەوێت (کورتان) بکڕێت، دەستی ناکەوێت و زۆر ماندوو دەبێت.

وتم: نرخەکەی لەمەی ئێستا گرانتر بکە، چونکە ئەو قازانجەی داتناوە لەسەری زۆر کەمترە لە ماندووبوونەکەی و کڕیاریش ئەگەر لای تۆ نەبێت، دەبێت پارەیەکی زۆر خەرج بکات، تا بتوانێت لە شارێکی دورەوە بیکڕێت.

کە دەڵێین: دەگمەنی کاڵا، واتا: تەنها لای من ئەو شتە دەستدەکەوێت، یان ئەوەندە ڕکابەرەکانم کەمە، کە ترسم لێی نییە و بە ئارەزووی خۆم دەرۆم لەگەڵیدا، تا بەرامبەر ناچار دەکەم کڕینەکە بکات.

## چوار: هێزی کات

هێزی کات، واتا بە هۆی کاتەوە بەرامبەر ناچار بکەم بە کڕینی بەرهەمەکە.

دوو جۆر هێزی کاتمان هەیە:

- هێزی کاتی کەم
- هێزی کاتی زۆر

## یەکەم: هێزی کاتی کەم

ئەمە لە کاتێکدایە کە بە بەرامبەر بڵێین کات کەمە و بە خێرایی بڕیاری کڕین بدە، ئەگەرنا بەرهەمەکەت لەدەستدەچێت و نامێنێت.

لە داشکاندنەکاندا ئەم هێزە زۆر بەکاردەهێنرێت. دەڵێن: داشکاندنی (٥٠٪) تەنها بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر. کاتەکە بە جۆرێک کەمە، کەسەکە ناچارە بە خێرایی بڕیاری کڕین بدات.

## موشتەری لەسەرە

یەکێک لەو ڕستانەی کە بۆ هێزی کات بەکاریدەهێنن، بریتیە لەم ڕستەیە: (موشتەری تری لەسەرە)، ئەم ڕستەیە مەبەستیان ئەوەیە کە تۆ بە خێرایی بڕیاری کڕینەکەت بدەیت.

☺ بۆ نمونە:

دەچیت ئۆتۆمبێلێک بکڕیت، دەڵێن کڕیاری ترمان هەیە و ئەگەر نایکڕیت دەیدەین بەو. زوو یەکلام بکەرەوە و بڕیاری کۆتایی خۆت بدە.

که دەڵێن: موشتەریی تری لەسەرە و ئەگەر تۆ نەیکڕیت کەسێکی تر دەیکڕێت، کات کورت دەکەنەوە! مرۆڤەکان کە دەکەونە ژێر فشاری کاتەوە، بڕیاری ڕاستیان بۆ نادرێت.

## چۆن مامەڵەی فشاری کاتی کەم بکەین؟

هەرگیز لەژێر فشاری کاتدا هیچ بڕیارێکی کڕین مەدەن، چونکە مێشکتان بە دروستی کارناکات و بڕیاری ڕاستتان بۆ نادرێت.

هەر کاتێک کەسێک فشاری کاتی خستە سەرت بۆ ئەوەی بیکڕیت، پێی بڵێ: ئەگەر ناچارم بکەیت بۆ ئەوەی ئێستە بیکڕم، نایکڕم.

☺ نموونە:

ماوەیەک پێشتر، ئێوارەیەکی درەنگ چوین ئۆتۆمبێلێک بیکڕین بۆ کەسێک، سەیری سەیرمانکرد و تراییەکمان بە ئۆتۆمبێلەکە لێدا. پاشتر بیرمان کردەوە لەوەی بەم ئێوارە وەختە ناکرێت کڕینەکە بکەین و دەبێت ڕۆژی دواتر بیبەین و سەردانی فیتەری پێ بکەین. لەبەر ئەوە بە خاوەن ئۆتۆمبێلمان وت: ئێستا بینیومانە و دەزانین چۆنە، بەڵام کاتەکەی درەنگە، سبەی تێل دەکەینەوە و دەیبەین فەحسی خۆمان دەکەین.

ئەو وتی: من کڕیاری ترم هەیە و چاوەڕێ ناکەم. مۆبایلەکەی پیشاندان و وتی: ئەوەتا: (١٠) کەس پەیوەندیان کردووە بۆ کڕینی. ئێستا کەسێکیتر دێت و ئەگەر ویستی دەیدەم بەو و تۆ گلەیی مەکە.

ڕاستەوخۆ تێگەشتم  فشاری کاتی کەم بەکاردەهێنێت. لەبەر ئەوە وتم: ئەگەر ئەو ویستی پیرزۆی بێت. من تا سبەی نامەوێت، هەر کەس کڕی پێی بفرۆشە. کە گەڕاینەوە لە ڕێدا بڕیارماندا نەیکڕین. سبەی تەلەفونی کردەوە، ها وتی: چیتان کرد، ئۆتۆمبێلەکەتان ناوێت؟ وتمان سوپاس نامانەوێت.

یاساکە ئەمەیە:

هەرکاتێک کەسێک ویستی فشاری کاتی کەم بەکاربهێنێت، ئێمە دەڵێین: نەخێر! چونکە ئەگەر هەیە لە ژێر فشاری کاتدا بڕیارێکی هەڵە بدەین.

## دووەم: هێزی کاتی زۆر

ئەمەیان پێچەوانەی کاتی کەمە و بە بەرامبەر دەڵێین: هەرچەندیش چاوەڕێ بکەیت، من نرخەکەم ناگۆڕم.

☺ بۆ نمونە:

جارێک پەیوەندیم کرد بۆ کڕینی خانویەک، خاوەنی خانووەکە نرخێکی کەمێک زۆری پێ وتم. پێم وت: ئەو نرخە زۆر نیە کە داوای دەکەیت؟

لە وەڵامدا وتی: خانوویەکە و دامناوە، هیچ پەلەم لێی نییە. ناسوتێت، دز نایبات. ئەم ساڵ نا و ساڵێکیتر دەیفرۆشم.

☺ نمونەیەکیتر:

یەکەم ئۆتۆمبێلی خۆمم بە تەنها فرۆشت. (سێ) کەس معامەلەیان دەکرد لەگەڵم و دەیانویست: (٤٠٠) دۆلار نرخەکە کەم بکەنەوە. پێم وتن: (١٠٠) دۆلار کرێی (٥) ڕۆژی کرێکارێکە. ئەمەی ئێوە دەیڵێن: کرێی (٥) ڕۆژ کارکردنە. کەوایە با(٢٠) ڕۆژ درەنگتر بیفرۆشم و ئەو نرخە بکات کە خۆم دەمەوێت.

کاتێک بەرامبەر زانی بە هیچ جۆرێک پەلەی کاتم نییە. ئاسانتر لە معامەلەکە هاتە پێشەوە و لە کۆتایدا تەنها (١٠٠) دۆلارمان لابرد و کڕیان.

کاتێک بە بەرامبەر دەڵێیت: هیچ پەلەم نییە، بەرامبەرەکە ناچار دەبێت دووبارە بێتەوە ناو معامەلەکە، بۆیە هێزی کات معمالەکەمان بۆ ئاسان دەکات.

ئەو ڕستانەی کە وەک هێزی کات بەکاریدەهێنن:

- برِیاری خۆت زوو بدە، من چاوەڕێی تۆ ناکەم.
- موشتەری دواتر بێت دەیفرۆشم.
- برۆ تا بەیانی برِیاری خۆت بدە.
- من پەلەمە لە فرۆشتنی ئەم شتەدا.

ئەگەر دەتەوێت ببیتە فرۆشیارێکی بەتوانا، هەمیشە ئاگاداری هێزی کاتبە و هەوڵبدە بەکاریبهێنیت تا فشار دروست بکەیت لە معامەلەکەدا و بەرامبەر خێراتر برِیاری خۆی بدات.

تەنانەت ئەگەر پەیجێکیشت هەبێت، دەبێت فشاری کات دروست بکەیت. ناکرێت داشکاندن بکەیت، بەبێ ئەوەی فشاری کات بخەیتە سەر کڕیارەکان.

چونکە ئەگەر فشاری کاتی تێدا نەبێت، کڕیارەکە دەڵێت: ئێستا نا و ساڵێکی تر، بۆیە ئەبێت ئیللا فشاری کاتمان هەبێت لە هەموو شتێکدا.

## پێبج: هێزی پرسیارکردن

ئەوانەی لە فرۆشدا بەهێزن، خاوەنی هێزێکی سەیرن، هەمیشە پرسیارت لێدەکەن و وادەکەن تۆ وەڵامی پرسیارەکەیان بدەیتەوە.

ئێمە لە خولی فرۆشدا دەڵێین: هەر کەس پرسیاری کرد، کۆنترۆڵی ئەو کەسە دەکات کە وەڵام دەداتەوە. ئەگەر بتەوێت سەرکەوتووبیت لە معامەلەدا، ئەوا بەردەوام پرسیاری جوان بپرسە لە بەرامبەرەکەت. بەردەوام بپرسە: بۆچی؟

من لە خولی فرۆشەکاندا بۆمدەرکەوتووە، یەک ڕستە هەیە زۆربەی فرۆشیارەکان قوفڵ دەکات، ئەویش ئەم ڕستەیە:

کە نرخ بە کڕیارەکە دەڵێیت: ئەو بڵێت: بۆچی؟

کاتێک کڕیارەکە بە دەنگی بەرز دەڵێت: بۆچی چییە؟

تۆی فرۆشیار بە تەواوی قوفڵ دەبیت. تەنها ڕێگا بۆ ئەوەی ئەم قوفڵە بکەیتەوە پرسیارە.

من لە کتێبی (وەڵامی بیانووەکانی کڕیاردا) باسی ئەم بابەتەم کردووە. دەڵێم:

کاتێک تۆ نرخت وت، ئەو وتی بۆچی؟

ڕاستەوخۆ بە دەنگی بەرز بەم پرسیارە جوابی بدەوە: گرانە؟

ئەویش دەڵێت: بەڵێ گرانە!

تۆ بە دەنگێکی نزمتر بڵێ: بۆچی پێت وایە گرانە؟

واتا تۆ ئەو بخەرەوە ژێر پرسیار، تا کۆنترۆڵ لای تۆ بێت و ئەو وەڵام بداتەوە و کۆنترۆڵ لەدەست بدات.

ئەگەر دەتەوێت هێزی پرسیارکردن بەکار بهێنیت، ئەوا ئەم تەکنیکە بەکار بهێنە:

هەمیشە کە قسەکانت تەواو دەبن، پرسیارێک لە بەرامبەر بکە. کە وەڵامی دایتەوە پرسیارێکی نوێی لێ بکە. ئەم شێوازە لە ژیانتدا زۆر سەرکەوتووت دەکات.

هەتا پرسیاری زیاتر لە بەرامبەر بکەین، بەرامبەر زیاتر لاواز دەبێت و معامەلەکە زیاتر بە قازانجی ئێمە دەشکێتەوە.

پرسیارکردن هێزمان بەرز دەکاتەوە لە معامەلەدا

## شەش: هێزی بێ باکبوون

هێزێـک هەیە لە هەمووی بەهێزترە، ئەویش هێزی بێبـاکبوونە، بێبـاکبوون لە معـامەلەدا واتـا چی؟ واتـا: بۆم گرنـگ نەبێت معـامەلەکە ســـەردەگرێت یان نا. ئەگەر معامەلەیەی جوانم دەســـت نەکەوت، ڕازی نەبم و معامەلەکە نەکەم.

☺ بۆ نمونە:

من گەڵابەیەکم هەیە بۆ فرۆشـــتن، کڕیارێک هاتووە و دەیەوێت لێم بکڕێـت. من داوای (٢٠،٠٠٠) دۆلاردەکەم و کڕیـارەکەیش دەڵێـت: بە (١٨،٠٠٠) دۆلار دەیکڕم.

هێزی بێباکبوون ئەوەیە بڵێم: ئەمە نرخی کۆتایی منە. ئەگەر کڕیت بەم نرخە، ئەوا مـاڵی تۆیە. ئەگەرنـا، ئەوا تۆ برایەکی بـاشـــی منیت، و دڵخۆشـبووم کە یەکمان ناسـیوە! بەرامبەرەکەم دەیەوێت معامەلە بکات، هەرچی دەیهێنێت و دەیبات، من دەڵێم: مافی خۆتە معامەلە بکەیت، بەڵام ئەمە نرخی کۆتاییمە. معامەلەکردن هیچ ناگۆڕێت.

## بەکارهێنانی هێزی بێ باکبوون

معامەلەچییە سەرکەوتووەکان هێزی بێباکبوون بەکاردەهێنن، هەمیشە دەڵێن: چی ڕوودەدات با ڕووبدات، ئێستا نا، ساڵێکی تر، باکم پێی نییە، ئەوە نرخی کۆتایی منە.

هیچ هێزێک نییە هێندەی بێ باکبوون لە معامەلەدا سەرکەوتوترمان بکات.

ئەوانەی زۆر سەرەتاین لە معامەلەدا، بەو جۆرە نین. ڕاستەوخۆ پیشانی بەرامبەرەکەی دەدەن کە ئەمان حەزیان بە معامەلەکەیە و بە ئاسانی نرخەکانی خۆیان کەم دەکەنەوە.

## ئەم هەڵەیە مەکە!

خۆت بە بەرامبەرەکە مەڵێ، معامەلەیشی هەیە، چونکە ئەمە دەریدەخات تۆ حەزدەکەیت ئەم معامەلەیە سەربگرێت و دەبێت بە خاڵی لاوازت.

هەندێک جار دەچیتە بازاڕ بۆ کڕینی بەرهەمێک، خاوەن دوکانەکە ڕاستەوخۆ دەڵێت: معامەلەشی هەیە! ئەم قسەیەی خاوەن دوکان بەهای بەرهەمەکەی کەمدەکاتەوە.

☺ نمونەیەکی خۆمانە:

جارێک چومە بازاڕی جەوازەکەی سلێمانی، دەمویست مایکێک بکڕم. وتم بەچەندە؟

سەرەتا وەسفێکی زۆری مایکەکەی کرد، دواتر وتی: نرخی ئەم مایکە بە (٥٠) هەزارە، مایکێکی زۆر باشە و معامەلەشی هەیە.

من تەنها سـەیرم دەکرد و بێدەنگ بووم. بیرمدەکردەوە، بۆچی بە من دەڵێت: معامەلەی هەیە، لە کاتێکدا من معامەلەی نرخەکەم نەکردووە و تەنها باشـی ماکەکەم بۆ گرنگە، نرخەکەیم بۆ گرنگ نییە، بەڵکو ئیشـی مایکەکەم بۆ گرنگترە.

دەبوو لەجێی ئەوەی بیوتایە معامەلەی هەیە، باسـی کواڵیتیەکەی بکردایەو ترسەکانی من باسبکردایە.

☺ نمونە:

بی وتایە بۆ چ شتێک بەکاری دەهێنیت؟

من بموتایە: بۆ کاتی خول بەکاری دەهێنم، دواتر بیوتایە:

ئەگەر خولێکی (٦) کـاتژمێریش بڵێیتەوە، بێخەمیـت لەوەی لە ناوەڕاستدا شەحنی تێدا نەمێنێت و کارەکەت تێکبچێت.

کاتێکیش معامەلەم بکردایە، بیوتایە هی ترمانە هەیە بە (١٥) هەزار، ئەوەیتر ببە. بەڵام ئەمەیان شایانی ئەو نرخەیە.

ئەگەریش بیـانووم بگریـاتە، بیوتـایە مـایکی بـاش بە (٣٠٠) دۆلارە، ئەگەر ئەوەت دەوێت هەمانە.

ئەگەر ئەوەندە بێباک بووایە لە سـەرەتای معامەلەکەدا، بە ئەگەری زۆر، بە کەمترین معامەلە کڕینەکەم دەکرد.

## له چ شتێک بێباک بم؟

پێشتر هەستم بەوە کردووە، کاتێک دەڵێیت (بێباک بە لە کاتی معامەلەدا، هەندیک خەڵک وا تێدەگەن کە بێباک بین بەرامبەر فرۆشیارەکە و کەسایەتی خۆمان!

هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە. ئێمە بێ باک نین و کەسایەتی خۆمان زۆر دەپارێزین. کە کڕیارێک هاتە لامان، زۆر گەرم دەبین لەگەڵیدا و هەوڵدەدەین باشترینی خۆمان بین. تەنها لە ڕێکەوتنی معامەلەکە بێباک دەبین.

بێباکبوون واتا: بێمنەتبوون، واتا: منەتم بەو معامەلەیە نییە، بەڵام بێمنەت نیم لەوەی بەرامبەرەکەم بشکێنم، یان کەسایەتییەکی خراپ پیشان.

هەوڵدەدەم گەرم بم لەگەڵ کڕیاردا، ئاو و چای بدەمێ، تەنانەت هەندێک جار خولکیان بکەم بۆ ماڵەوە.

تەنها ئەو کاتەی معامەلە دەکەین، دەڵێم: ئێوە پیاوێکی زۆر بەڕێزن، بەڵام ئەمە معامەلەیە و من بەو نرخە دەیفرۆشم.

وەک نرخەکەی، ئەمە قسەی کۆتایمە، بەڵام وەک هاوڕێیەتی، بۆ نیوەڕۆ لە خزمەتی ئێوەدا دەبم و ئازیزن لای من. واتا: وەکو هاوڕێیەتی لەخزمەتتاندام، بەڵام وەکو معامەلەکە شتێکی ترە.

من منەتم بەوە نییە ئەو معامەلەیە ڕوودەدات یان ڕوونادات، من دەمەوێت ئەگەر کابرا ڕۆشت و کڕینەکەش ڕووینەدا، دواتر بڵێت: ئەمڕۆ پیاوێکی بەڕێزم ناسی، کەسێکم ناسی بەڕاستی شایانی ئەوەبوو بیناسیت، ئەوەندە کەسێکی باش بوو، بەڵام لە معامەلەکەدا ڕێکنەکەوتین!

## ئاگاداری هێزی بێباکبوون بن

ئێمە لە کەسایەتی خۆمان و کڕیارەکەشمان بێباک نین، تەنها لە ئەنجام بێباک دەبین.

ئەم بێباکیەش پیشانی کڕیارەکەمان نادەین. ناڵێین: من لە تۆی کڕیار بێمنەتم و چی دەکەیت بیکە.

ئەگەر من قەنەفە بفرۆشم و بە بەرامبەرم وت: بێباک بم لەوەی قەنەفەکە بفرۆشم، هەست و سۆزی بەرامبەرەکە تێکدەدەدات و دەڵێت: زۆر باشە من دەڕۆم و تۆ بۆ خۆت بیفرۆشە!

ئەو فرۆشیارانەی لوتبەرز و بێ منەتن، کڕیارەکان خۆشیان ناوێت و بە خێرایی بەجێیان دەهێڵن.

ئێمە نامانەوێت لوتبەرزبین، تەنها دەمانەوێت بەرامبەرەکە خێراتر معامەلەکەی بکات و قازانجی زۆرترمان بداتێ لە کاتی معامەلەکەدا.

## کەی بێ باک بین؟

ڕاستەیکی تاڵ هەیە لە معامەلەدا، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە ناتوانین بێباک بین لە معامەلەکان. تەنها کاتێک ئەمەمان بۆ دەکرێت، کە پێویستمان بە معامەلەکە نەبوو.

بەڵام ئەگەر پێویستمان بە معامەلەکە هەبوو، بەرامبەر هەست دەکات چەندە پێویستمانە و ڕوونەدانی معامەلەکە بە زەرەر دەشکێتەوە بەسەرماندا.

☺ نمونە:

ئەگەر گەنجێکی قەرزار بیەوێت ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشێت، ناتوانێت ئارام بگرێت، بە خێرایی بە زەرەر دەیفرۆشێت، چونکە قەرزارە و دەیەوێت لە فشاری قەرزاری ڕزگاری ببێت، هەر ئەمەش وایلێدەکات لە معامەلەکەدا زەرەر بکات.

پوختەی قسە:

سەرەتای معامەلە بە کۆکردنەوەی هێز دەستپێدەکات، هێزەکانیش بریتین لە:

- هێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی
- هێزی زانیاریی بەرهەم
- هێزی دەگمەنی کاڵا
- هێزی کات
- هێزی پرسیارکردن
- هێزی بێباکبوون

# پێڕست:


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم: ئاشنابوون بە معامەلە | ٧ |
| بەشی دووەم: جۆررکانی معامەلە | ٢٧ |
| بەشی سێیەم: قۆناغەکانی معامەلەکردن | ٤١ |
| بەشی چوارەم: پێش معامەلە | ٤٧ |
| بەشی پێنجەم: سەرەتای معامەلە | ٧٥ |
| بەشی شەشەم: ناوەڕاستی معامەلە | ٩٥ |
| بەشی حەوتەم: فێڵەکانی معامەلە | ١٢٥ |
| بەشی هەشتەم: کۆتایی معامەلە | ١٣٥ |
| پێڕست | ١٣٨ |
| بەرهەمەکانی گەشتیار غەریب | ١٣٩ |

## کتێبەکانی پرۆژەی کارسازی شادمان

| ژ | ناوی کتێب | شێواز | نووسەر/وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٣ | ڕێی ساماندرابوون | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن | گەشتیار غەریب |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٤ | فرۆشتن لە قەیراندا | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٥ | هونەری معامەلەکردن | نووسین | گەشتیار غەریب |
| ١٦ | بیرۆکەی دوکاندانان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٧ | ئابووریی خێزان | نووسین | زانیار غەریب |
| ١٨ | تواناکانت زیادبکە | وەرگێڕان | گەشتیار غەریب |

## بۆ داواکردنی کتێبەکە

- ❖ ئەگەر پێش ۲۰۲٤/٥/۲۲ داوای دەکەیت ئەوا سەردانی ئەم لینکە بکەن:

**https://forms.gle/onj3bEX4HPcodAzj8**

- ❖ ئەگەر دوای ۲۰۲٤/٥/۲۲ داوای دەکەن، ئەوا سەردانی ئەم لینکە بکەن:

**https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48**

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژی تایبەت بۆ بزنسەکەتان

یان خولی تایبەت بۆ کارمەندەکانتان

پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن:

07748213653

07508724916